www.kurdistannet.org

6-9-2007 21:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژیاندنەوە ... بەکر حەبیب

وەک ئاوازی تەلی کەمان دەنگت وا دێتە هەناوم
تیمار دەکا جەرگی هەنجن سینەی تازە پێکراوم
ووشەکانت ڕۆحی ماندووم بە گیانی تازە شاددەکەن
کاروانی دواکەوتووی هیوا بەرەو لووتکەی شەبەنگ دەبەن
ئەمشەوەم بۆنی هەڵاڵەی گوڵە کێویلەی گرتووە
داستانی ئەوینی سەردەم سیمای فریشتەی بردووە
لە ناخەوە حەزم وایە تا بەیان لە خەڵوەتابم
نوێژی دڵداری بۆ جوانی و ژووانی تازەی دڵ بکەم
دەخوازم ئێستا لە کۆڕی بەزم و ڕەزمی عاشقانا
تەهلیلەی دەروێشی بکەم بدوێم لەگەڵ ئاسمانا.

، ، ، ، ئۆرەبرو
2004-11-20

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.